

# وەهمەكاني ئەشق و
# تابۆكانى دەمامك

سالح سـووزەنى

شيعر

١٣٨١



ناوي كتيَب............وة هـ ةكاني ئةشق و..
نووسةر ...............سالَح سووزةني
ثيتضن .................بيَطةرد سالـح
كاري رووبةرط.......سؤران سالـح
ضاثي ديجيتالي........كوردستان نيَت



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## ثيَرست:

ثيَشةكي......................................... ......٤
ميَعرئاهةنط و شاعريَكي شيَت................ ........٥
دة شؤرِةسواري مةزن.................... .......... ..  .١٩
( ١٦ ).............................................   ...٢٥
شاعيريَكي سياسي.........................................
سةربازةكاني من.........................................
خواكان...................................................
لة ئالَبؤمي نامةكانتةوة..........................
ثيَشكةشة ئازيزيَ........................................
وةهمةكاني ئةشق و دةمامكةكاني تابؤ..........
خــؤليا.......................................





## ثيَشةكي:

زؤر جار شاعير زؤر شت دةنووسيَ وفرِيَي دةدا يان بؤ خؤي كةيفي لة بلاَوكردنةوةيان نيية، يا بة ثيَي جياوازييان لةطةلَ شيَعرةكاني ديكةي سةر بة مالَي ديوانةكاني تريدا ناكةن. ئةوةش شتيَكي سةير نية و ئةو مانايةش ناطريَتةوة كة ئةو شيَعرانة كاتي خؤي شاعيري نةهةذاندوة يان وةك كؤرثةكاني ديكةي خؤشةويست نين. بةش بة حالَي خؤم هةنيَ لةم شيعرانة لة هةموو بةرهةمةكاني ديكةم زيدةتر ناخي تةنيومةتةوة و كاتي خؤي تةنانةت طرياندوويانم..

هةر بؤية دلَم نةهاتووة بياندرِم و بياندةمة دةست دةسةلاَتي فةرامؤشي و ثةنجةرةيان لة سةر داخةم.

دلَنيام ئةم شيَعرانةش خويَنةراني خؤيان دةبيننةوة و بيَ ذوانناميَننةوة.

ميَعرئاهةنط و... ( ١٦ ) كاري تازةترن و نالكيَن بةواني كةوة.و ناييَنة خانةي شيعرةكاني ديكة. كةواية ئةم ديوانةم بة ثيَضةوانةي شيَعرةسات شيَعرطةليَكي يةكدةست نينة و وةك «ضيَشتي مجيَور» هةركامةو كةش و هةوا و زماني تايبةتي خوي هةية. حةزتان ليَي نةكرد بؤ جاري دووهةم مةيخويَننةوة .دةتوانم هةر ئةوة بليَم!

ئامادةي ديتن و بيستني رةخنةكانيشتانم.

حةمةسالَح سووزةني
sozeni@yahoo.com



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

ميَـــــعرئاهةنط

و

شاعيرَيكي شيَت







Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**به سەر لەق و بە پا تەق**

**تە تەق تەق....تە تەق تەق**

**شەقە شەق**

**جا تەپە  تەپ**

**زرِەزرِ زرمە زرم...**

**جووزە جووز جووزانەوە**

**هەڵپە هەڵپ هەڵخستنەوە**

**هەڵپەرین لەرانەوە**

**من کە چووم رەق بوومەوە...رەپ بوومەوە**

**نە شەق شەق.. نە تەق تەق...**

**نە زرِ زرِ و نە تەپ تەپ**





**شلقە شڵقە شڵق ئەکەم**

**فڵقە فڵقە فڵق ئەکەم**

**دوایی لەرزە لەرز ئەکەم**

**ئەکەم کەم کەکەم کەم...**

**سوورە سوورە سوور ئەکەم**

**کەمێ کەف کە کەف ئەکەم**

**هێندێ شەرمە شەرم ئەکەم**

**جا**

**دیسانەو حەز ئەکەم**

**بە سەر لەق و بە پا تەق**

**تەتەق تەق ... تەتەق تەق**

**تەق تەتەق تەتەق تەتەق**

**ـ ئەو هەر نەرمە نەرم ئەکا**

**لەرزە لەرزە لەرز ئەکا**

**من هەر شەرمە شەرم ئەکەم**

**«ل»ام گوشین گوشین ئەکەم**

**شاخە شاخە شاخ ئەکەم**

**کووفە کووفە کووف ئەکەم**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

ـ ئەو هەر خوێنە خوێنی دێ

سیخە سیخە سیخی دێ

دایکیشی ئەشریخێنێ

شرخە شرخە شرخی دێ

دەبا بێ... پیرە پیرە پیریەکی

بوڵە بوڵە بوڵیەتی

تەتەق تەتەق تەتەق تەق

زرمە زرمە زرمێ دێ

ئەوەیش دەناڵێتەوە

ناڵە ناڵە ناڵێ دێ

ـ شڵقە شلقە شلقیەتی

کەف کەکەف کە کەفکێ دێ

لەرزە لەرزە لەرزیەتی

تەپ تە تەپ تە تەپ تە تەپ

شەپ شە شەپ شە شەپ شە شەپ

شەپێ نا... دوو شەپ نا...

سێ شەپ نا ... چوار شەپ نا..

پەنج شەپ نا... شەش شەپ نا

حەوت شەپ نا... هەشت شەپ نا

خۆت بنووس بنووست بێ





ـ شەوێ شیعرە شیعرم ئەکرد

میم و میم کێم ئەکرد

لێسە لێسە لێسە لێس

قەڵەم پەرێنیم ئەکرد

ـ چەرخی دروومانەکەی

باوکم هارە هاری دێ

سوورە سوورە سوور کەی

زەوقەبرینداری دێ

ـ دایکم ئێستە کار ئەکا

نانە نانە نان ئەکا

منیش کاف و واو وزێ

زینە زینە زین ئەکەم

خیاڵ خەیاڵێن ئەکەم

شڵقە شڵقە شڵق شلق

لێفە شرە شینەکەم

گوڵ و، گوڵ گوڵێن ئەکەم

ـ / سەرینەکەی خۆی ئەکا/

ـ چەرخە چەرخی چەرخەکەی



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

باوكم سووڕه سووڕی دێ

كووفه كووفی دایەمه

شیته شیته شیتی دێ

ـ خۆشكم جرپه جرپ ئەكا

و

چاوه چاوه چاوی.. دێ

ئەویش ڕەنگه وەكوومن

حەزی شێعره شێعری بێ

ـ ئەنگوست ئەكەم به شانه

شانه شانه شان ئەكەم

له بەر خۆوه جاره جار..

/وەك ڕەشه ڕەش پشیلەكەم

میاوه میاوه میاو ئەكەم/

ـ پیاوه پیاوه پیاویەتی...

ـ دایكم فینگه فینگیەتی

ـ شیعر ئەكەم به جەسته ما

شیعره شیعره شیعر ئەكەم





وشه، وشه وەشەم دێ

داره داره دار..ئەكەم:

هەورێ دێ دەشریخێنێ

منداڵی دەزریكینێ

ـ « هەور بوون گەواڵ گەواڵ

پشكووت گوڵی گەش و ئاڵ»*

ـ مڵه ماڵه ماڵ ئەكەم

شاره شاره شاره شار..

شاخه شاخه شاخه شاخ..

غاره غاره غاره غار..

گونده كەم، گوم دەكەم

لەكوێ بگرسێمەوه ...

نووكی قەڵەم تیژئەكەم

شڵقه شڵقه شڵقه شڵق

فڵقه فڵقه فڵق ئەكەم

شێته شێته شێته شێت

حەقایەتێنێ دەكەم

ـ دەنگه دەنگه دەنگه دەنگ

فیكه فیكه فیك ئەكەم



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

سیگارەسووتێ ئەکەم

ـ سەمفۆنیا ـ

شیعری یەکەم چاپ ئەکەم

/ خەیاڵ پلاوێن ئەکەم/

ـ ئەو شتە لە شان ئەکەم

ساڵە ساڵە ساڵە ساڵ

تەق تەتەق تەتەق..تەتەق

تەقە و تەق تەقێن ئەکەم

چریک چریکێن ئەکەم

ـ جاشێ دێ دەسەرِێنێ

ئەسپەکەم دەحیلێنێ

حیلە حیلە حیل ئەکەم

ـ کوردستـــــــان ـ

شیعری دووهەم چاپ ئەکەم

/ خەیاڵە سووری دەکەم/

ـ زەرزدە زەردە زەردە زەرد

سەوزە سەوز سەوز ئەکەم

ـ برا کوژی...

شیعری سێهەم چاپ ئەکەم





ـ/ گومان نییەکەم دەکەم/

ـ دایکم ئێستە کار ئەکا؟

شینە شینە شین ئەکا

تاوە تاوە تاوە تاو

فینگە فینگە فینگ ئەکا

ـ چاپە چاپە چاپە چاپ

ـ وجوودی ـ

شیعری چوارەم چاپ ئەکەم

/ خەیاڵە فرتێ ئەکەم/

دنیا رەش رەشێن ئەکەم

ـ سوورِە سوورِی چەرخەکەی

باوکم هارە هارِی دێ

کفنی زەرد ... کفنی سوور

زەردە زەردە زەردە زەرد

سوورِە سوورِە سوورِی دێ

ـ شیعرە شیعرە شیعر ئەکەم

جیقە جیقە جیق ئەکەم

ژانە ژانە ژانە ژان



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**ژان ئەکەم**

**ژین نە ژین**

**ژین ئەکەم**

**ـ ژن بەژن بە خۆشکەکەم**

**پیاوم پیاوم پیاو ئەکەم**

**خیسە خیس**

**/ دەسەڵات / یش چاپ ئەکەم**

**/ خەیاڵە زرتێ دەکەم/**

**ـ دایکم هێشتا کار ئەکا**

**نانەنان**

**چاوە چاو**

**پیرە پیر**

**بۆڵە بوڵە بۆڵ ئەکا**

**ـ مێژوو جووزە جووز ئەکا**

**هەزار هەزارێن ئەکا**

**ئێران ریشە ریش ریش**

**ریچە ریچە ریچ ئەکا**

**ـ ساڵحی حەسەن قەرج، «داکار» داکارێن ئەکا**

**ـ وانموودە ـ**



وةهمةكاني ئةشق و درؤكاني دةمامك................ساڵح سووزةني

**چاپ ئەکا**

**ـ لە خەونا**

**خەیاڵە تەقێ دەکا**

**شیعرە ساتە ساتەکان**

**ساتە ساتە ساتە سات**

**پێشکەشی باوان ئەکا**

**/رچە شکێنی دەکا/**

**رەخنەکانی چاپ ئەکا؟**

**ـ باوکە باوکە باوک ئەکا**

**لرخە لرخ...**

**مرخ لە تەختە تەختەکەی**

**باوکی خۆشە خۆش ئەکا**

**ـ جیکە جیکە جیک ئەکەم**

**فرتە فرتە فرت ئەکەم**

**جریوە جریو ئەکەم**

**چرکە چرک**

**چریکە چریک ئەکەم**

**بەمانە:**

**زمان زمانێن ئەکەم**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**گەمە بە خەڵكیٚ دەکەم**

**ـ چەق چە چەق...  چەقەخانە شیٚت ئەکا**

**ـ ریشم ئەپروفسۆریٚنم**
**بارە بارە بار ئەکەم**

**ـ لوورە لوورە لووریٚ  دیٚ**
**گارە گارە گار ئەکەم**
**بە ژمارە...**
**چاپ ئەکەم.**
**/  خەیاڵە زیتیٚ دەکەم/**

**ـ قرمە قرمە قرم ئەکەم**
**جووکە جووکە جووك ئەکەم**

**ـ بایە هاژە هاژی دیٚ**
**کیٚوە کسکە کسك ئەکا**
**ـ منیش شڵپە شلپ ئەکەم**
**لووشکە لووشك**
**چوومی شیعر سازئەکەم**





**ـ دیم و دەسوخەڕانیٚنم**
**دەنگی میٚکرۆفۆنەکە**
**کرەی دیٚ، گیزە گیزە گیز ئەکا**
**خەڵکەم لیٚ دەورووژیٚنیٚ...**
**یەکیٚ جیقە جیقە ئەکا**
**لاژە لاژ لاژیەتی**
**رەخنەی پرۆفسۆر دەکا**

**ـ بە قاقا ..**
**وەڵام وەڵامیٚن ئەکەم**
**ئاوا زیندە گی دەکەم**
**....زیندەگی دەکەم**
**.........  دەکەم.**
**........**
**....**
**.**
**....**
**........**

---

**ئەم شیٚعرە بۆ یەکەمجار لە چوارەمین فستیواڵی چیرۆکنووسانی رۆژئاوا لە شاری بانە خویٚندرایەوە**
***- شیٚعری هیٚمن ە**

# دة شؤرِةسواري
# مةزن!!







Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

بە دەستەکانتا  ببوورە

پێنج ... نا! دە بلووری هەتاو

دە سەرە بلووری بێڕەنگ

شێعر

بە قامکەکانتا ببوورە

دە بێڕەنگی بلوور و دە خرپنی ناز

چ بزاڤێکی سەرگەردان

وشە:

چ هە ڵات هەڵات بۆ نەڕکێفی تۆ

بە قامکەکانتا نا! بە دە سواری یەکگرتوو

وشە:

چ کارمامزێکی سرك لە سەر تەختەکلیل و





چ بەستراوە لە کەمندی دە خرپنی سەرە بلوور

وشە نا! بلوور

بلوورە کە دیٚ و تەقە تەق شکاندنی نا!

خرمەخرمی نقیسار و چرپەی دوگمەکانی پیت

چ شەرمنانە ئەگیرێن

بە دەستەکانتا کە..نا!

بە پەنجەکانتا شیعر کە شیرین

دە تورتی لەتیفی جوان

بە دە سەرەبلووری رەنگ گوشتی

/ئەمرۆ کە لە من زیزی/

دە لاجوەردی سووورباو..........

/ئەو رۆژانەی ئەکەنی لەمن/

خانمەکە شۆڕە ژن

هەر دە سەرەبلووری ئازا و

دە سواری چوست و

دە کەمەندی بزاڤ

چ راوە پیتێکە لە دوندی ئەشق نا!

ئەمرۆ کە لە من تۆراو

/رەنگە نفرەت/

پێرەکە لە من خۆش .........

/چ جوان/



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

نووسین:

رەنگە لە من

/ئەوكاتەی زیزە خوا /کەتۆی/لەمن /یا نا!/

هەر ئەو خرپنەنەرمانە بیٚ کە نا!

راوە (..)

هەر ئەو راوە نەرمانە بیٚ کە تۆ و «کیبۆرد»..

شیعر:

رەنگە شەکت نەبوونی دە سەرە بلووری ......

یان دە بێرەنگی تۆ بە سەر بلوور

بە چرکەچرکی.. ئێستاکەی کۆمپیوٚتێرەکەم

شیعر:

رەنگە لە «من»وە وشە و راوە لە تۆ

بە دە سوارچاکی دەست بە کەمەند..........

شیعر:

مەزڵوومترین .... دە خێرا.....

چ زاڵم ....نا!....چ نەرم و رەنگ‌گۆشتین

پەخشان:

..........بە هەموو دە کانتەوە......

یەك دڵ لە من چ خوێڕی

دە برۆن دە شۆڕە سواری مەزن!

هەموو ئەو ولاتە داگیرکەن کە دڵی م/ ن





بە سێ شیرەزێڕی/ئەوکاتانەی لە من زیزەخوا سوور و

ئەو نەکاتانەی تر رەش..ئاقیق/

شیعر بە سەمای دە تیژرەوی تۆ دەگەڕیٚ

/ چ مەزڵوومجەسوورێکە/

کەدێتە بەرەنگاری تۆ!

ئەو کاتانەی لەمن زیز تۆ

..........

دە شۆڕە سواری نا!

دە سەرە بلووری هەتاو..........

ئەی دەکیژی گوڵ فروش لە ئەو و

ئەی دە شۆڕە سواری ئازا لە من

راوی کەن چی هەستی یەخسیری رەنگاڵەی جوهەری

قەلەمم!.

٨١/١٢/٧



_١٦_

له جوانترترين كەنوو

خۆشخۆشترترين هەنگوين

لەمن ئەمڕۆ

۱۶ به بەرگى قاوەيى..

۱۶ به تارى مەولەوى

۱۶ له من

۱۶ له تۆ له من لەتۆ له تۆ له من.

۱۶ ژمارەکەی منه

پەپوولەكەم          پەپوولەكەت

..............پەپوولەيەك.............

زێرينە كەوچكێكى پير

لەچێژنى

۲ / ۳۶۵ / ٤٤ ژمەى خۆيدا





ئەشادێ ....

/ئەويش 1 و دوو ١٠/

س س س س س

ب ب ب ب ب ب

حس. حس حس..

بس بس بس..

له من هەتا ئەعماق

لەتۆ هەتاكو...تر..

*- كێ دەڵێ له وەسڵا ئەشق هەرگيز نارەقسێ!؟*

مەعبەبەينى خۆر و مانگ

وەسلێكى هەتايى ئەزەردێ..

بەردەوام دەئەشقن به رۆژ و به شەودا..

نازەنين ئێواران نارنجى و

شەوانەش لەمن دوور...

*- ئەلكۆلى بەيانيت بەچەندە گوڵى ناز؟*

نازە گوڵ دەخەندێ و دەڵێ:

«ئا» ئيتر..ئيتر «نا»

يۆنگ ئەڵێ: ئەوان خەون به زۆرەوە دەبينن

/ دانامركێن /

شاعيرى بێچارەش وازانێ:

دووکەڵ و گریان و سۆزیچڕ...
دەیکا بە مەجنوونێ ئەولاتر
– ئەحمەقن ئەوانەی یەک رەنگە ئاشقن!!
شاعیر و قۆخێک و مژین وگووشینێک...مەشێتێ!

۵ لە مانگ لە من بێ لە تۆ بێ
۵ ی پیرۆز!
– ژمارە تا ..نەهایەتیش بێ ۵ لە من

ئەمزانی بەهارێک نازەگوڵ ئەپشکوێ
ئەمزانی هاوین بێت
قۆخێکی مەخمەڵی دێتە من
شەوهە.. تا بەیانی ئەیبژارد..
تۆ ...تۆ... کەی کاتژمێر
یەک جاریش نەیزانی راوەستێ
لە ۱۶ و لە ۵ دا
لە۱۶ و لە ۵ دا ۱ یش هات
۱۵ ساڵ چرکەکان بژاردیان لەشی من
سوورەکەم بژاردی ۱۵ ساڵ قاوەیی
یەک چرکە و یەک سوورم راوەستانیان نەکرد
لە ۱۶ و لە ۵ دا
/ ئەحمەق بوون نازەگوڵ !/





نەفامان...
«وەرن جەرگم هەڵدڕن
بە دەبان و نەشتەرێ»..
۱۶ و ۵ دەبینن
وەستاون ئەکەنن
خۆشحاڵن نازەگوڵ..
دەمزانی هاوین بێت دێمە تۆ
گەلاوێژی پیرۆز
نازەگوڵ دێتە من
۱۶ بە رەنگی قاوەیی
۱۶ لەرەنگی چێرەیی
لە من لە تۆ لە ۵
لە کاتژمێرەکەی ئەنگوستم کە ۱۱ ەیە
۱۱ ۱۱ ۱۱
چەند جیاوازە لە ۱۱ەکەی شێرکۆ و
لەخەردەلبارانی ۵۰۰۰

لەمەوبەر ۱۵ ساڵ!/....٤٥٦٥٦/
یەک رەنگت دایە من نەتزانی
ئاسمانی پێ دەشکێ!
فەلسەفە دەرووخێ تازەگوڵ



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

هەرە تیژ شمشێرێ دەوەستێ رووبەرووی دەمامک

خەنجەرێ دەچەقێ گوڵی ناز

بە سینگی زەویدا دەقڵەشێ

زمانی کێوەکان دەتارێن

چۆمەکان بەرەوژوور دەبارن

٤٦٦٥٦..... ژمارەپێشتر لە ئێستا نازەگوڵ

گۆی زەوی جۆرێ تر دەسوورا

یاساکان بە دەوری دارێکی پیرەدا مارئاسا..

گەلا بۆ گەلاًبوو

و

کۆتر بۆ «کەبووتەر»

شایەک بۆهەموویان..تا ئاخر

یەک رەنگت دایە من

دۆزەخ بۆ هەمیشە هەڵفڕی

بەهەشت هاتە شێعرێ پەرێشان

«شێعرەسات»

ـ لەبیرمە بەیانی کە هەستام

رەنگێکم لەبەردا نەمابوو

نەتزانی خولیایەک

رەنگێکت دەچێنێ و تا... هەتا

بە جلی شیعرەوە دەمێنێ!





... دەرەقسێ..

نەتزانی ئەو رەنگەت دەسەلات سازئەکا

ئاگر بوو و «پرۆمتە»

زەوی بوو و بێ ئاگر

ـ من لە سەر ئەستێرە وەستابووم

٥ ێ بوم بچووکتر لەم شێعرە

کە هەستام

رەنگێکم نەمابوو!!

دوو کەوان وەک برۆ

بەسەرمەو وە ستابوون...

شەوانە ئەمژەنن رەنجە رەنج رەسمەکان

گـم گـمگـمگـم

شەوانە ئەمتەنن داوێکی خەست و خۆڵ

ئازارێ لێمئەدا بەگۆچانی ئا کەی

ترسێکی دڕندە

بەداسی سین ەکەی دەمجنێ

ئەنجن ئەنجن ئەنجن ئەمجنن..

ئەخولێمەوە لە چەند ناونیشانی ئینترنێتیدا

www. گوو

www.شوو www.توو



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

هەڵئەفرم بەباڵیEmailێک

بۆ Helen کە چاوی وەک تۆیە و

برۆشی وەکو تۆ چەمیوە

«ئەریٚ هۆ نازەنین!

نەشێویٚ نازت..

من بەماشێنی جیب ئەریٚ

دێمە پێشوازت..»

ـ بیچارە وەک شەمیٚ یەکرەنگە دەئەشقا

گۆرانیش..

Photoshopئەتوانیٚ

چەندین چاو لەسەریەک هەڵچنیٚ

Photoshop سەدان دڵ دەگۆڕیٚ

بەهەر رەنگێ بتهەویٚ

مەکە تۆ نازەنین

ئەشق لەکۆمپیوٚتێردا تووشی ڤیرووس دیٚ و format..

رەنگی ئەشق مەگۆڕە!!

Photoshopلە هەوای ئەشق نامژیٚ

قۆپیەیە و هیچی تر!

لە ٤٠ دا دەزانی درۆیە فتۆشاپ

لە ٤٠ دادەزانی...





قۆخێک و مەخمەڵی هەڵماڵراو...مەشێتیٚ!

گێزەر و یەک دووگاز مەقڵەشیٚ!

...نازەنین ئێواران

چێرەیی دەفرۆشیٚ بە رەش و سوورەوە..

ـ کە من پێی هیلاک بووم

نازەنین ئێواران رەنگبارانی شەقام دەکا

نازەنین بۆ تۆوێک چواری کوشت

ـ من شەقەی کوشتنم ئەبەرزیٚ

من باڵی قەڵەمم دەفتەرە

من دەفتەر ئەشێعرم بە رەنگا

کەئێستە نیمە / لەسوالآم /

ـ رەنگیٚ تر نەماوە نازەنین دایتاشم!

فتۆشاپ درۆیە..

نازەناز فتۆشاپ نەسب مەکە لە دڵتا

«تری. دی. ماکس» مەچێنە لە « هاردی» باخەڵتا..

تاوانە!

وڵاتی ئەفسانە نایناسیٚ!

تۆ ئەی ٥ ی پیرۆز

راوەستە و مەگوزەریٚ!

تۆبیت و هەنار یٚ کە شکا



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**تۆ بیت و بەهێ، قۆخ، گەڵامێو**

**گەڵامێو .............پەپوولە**

**گەڵامێوپەپوولە**

**لە ۴ و لە ۵ دا**

**١١ ١١ ١١ یەك**

**کە هەرگیز ناخەردەلێ و**

**بلۆق ناخاتە پێستەوە**

**وەك ١١ و ٨ ی کاتژمێرەکەی ئەنگوستم**

**وەك شێوەی نازەگوڵ کە ناچێ و ناتۆرێ و**

**یەك چرکەش ناتارێ لە شیعرا**

**لە کۆشکی خەیاڵی قەلەمم ناترازێ..نافڕێ**

**فڕ..فڕ..فڕ..فڕفڕە**

**ـ تۆ ئەتگوت:**

**فڕفڕەی رەنگێکم لێتئەوێ کەس نەیبێ!**

**ـ تۆ لەگەڵ فڕفڕەی ساختی من وەرسووڕایت**

**تۆ لەگەڵ خەیاڵێ پوفیووزا هەڵاتی**

**فتۆشاپ لەمنەوە هاتە دەمامك**

**هاتە وێنەی لە منداڵیت .. هەتا... لاوی..**

**کە منی کوشت**

**بێئەوەی بفەرمووی ببەستن چاوگەلی..فەرمانت دا:**





**.. دەسرێژ!**

**سووتابووم وەك « سیبل»ێکی کون .. کون**

**ئەگرِیام..**

**تۆش نارنجی و ١ و دوو دە**

**هەڵدەتۆقیت!**

**لە ٦ و لە ١٠ دانازەگوڵ**

**چ زەرد بووم**

**لە ٦ و لە ١٠ دا**

**چ لەناو شارا گریانێك دەتۆقی**

**شاعیر و جەللا دێکی شۆخ و**

**شێعرەسات..**

**جێژنی قوربان بوو بە قووربانیت دەبوون**

**رەش و سوور ی شیعرەکانم..**

**چ زەرد بوو!**

**تەبسەرە:** لة ٤دا باوان مرد. لة٤دا طؤلةكةيزريَبار باواني هةلَلووشي و نازةنين بةدةمامك و فتؤشات ةوة هةلَتؤقي. بة طؤشةوارةي هةييةري و رةنطي ثاييزي درؤوة...بة فةرشيَكي خةردةلي و مانتؤيةك تةختةييةوة .نازةنين نارنجي..

ـ سێ سیخی چەقاندە سەردڵی شێعرێکم

« هەزار یارم بێ هەر تۆم لە بیرە»!!

/ دەمامک/

لە ٤ ی نەحسا بوو، نازەنین گوڵ فرۆش

نازەنین رەنگ فرۆش

نازەنین...فتۆشاپ..

لە چواری قۆڕا بوو شیعرەسات چ زوومرد!!

چ سایتێ دەتوانێ شیعرێکم وەرگرێ و نەتەقێ؟

کام Email هەناسەم دەبیسێ و ناگرێ؟

کام CD گۆرانی نازەنین چاپ دەکا بە بێ من؟

...........

ـ لە ٤ێکی نەحسا

نازەنین ولاتی ئەفسانەی بەجێهێشت.

ـ نازەگوڵ تاریخی ئەشقی من درێژە.....

وشە مەزڵوومەکانی جیهانی دەمامک

چیرۆکی ئەم شیعرە ناتوانن

کێ چ ۆ ر..چێشتی مجێور نیە!بەقوربان

ئەفسانەی مەلێکە لە ولاتی ئەفسانە هەڵفڕی

و

رەنگەکانی فرۆشت



وةهمةكاني ئةشق و درؤكاني دةمامك.................ساڵح سووزةني

شۆڕشی گەلێکە باوک کوشتی

خەردەلی دڵێکە بیبیسی دەپرووزێ

داستانی شارێکە شیعراوی

ژمارە نەکراوە

ـ «من شەوان بە ئەشقی دڵێکی پێوانەی ئەقیانووس»

نەنووستم!

«ئەم تۆپەی من چەند جیاوازە لەو تۆپە زلەحیزانە

پاڵئەکەون........»

تەبسەرەی ٢:

تۆ ئەڵێی خیانەت ئەتوانێ راڤەیەک بێ لە ئەشق لە

« درس اول» دا لە تۆوە وا فێربووم. وانەی ٢ بەو پێیە:

«تعلیمات عملی» رەوایە....

تۆ ئەڵێی جیهانی ئەشق حەز لە بۆنی پۆلیس ناکات.

مەمانکە بە « جینایەتکار»!

تۆ ئەڵێی چۆن ئاشق دەتوانێ دژی ئەشق بوەستێ؟

ـ رەنگەکانت لێگۆڕاوە

گەل و گەڵ کوجامەرحەبا ؟

ولات ولات لە رەنگێ نین!

لە ولاتی ئەفسانەدا ئەشق بە بێ رەنگ قەت ناباری..

لە شیعرستانی ئێمەدا رەنگێ نادرێ بە سێ مەل

دارێ سێ ئاسمانی نییە



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

لێرە زەریا گولبەهی‌یە و كێویش ئاوی

خۆر سوور و مانگیش پەمەیی

شەو زیوین و رۆژیش زێرین

لە وڵاتی ئەفسانە دا

وەرزێك یانی مەودای دووئەشقی بەهاری و تینی دوو

ماچی هاوینی   ئیتر تەواو.

/ئەمزانی بەهار بێ پشكووتن دێتە تۆ

هاوینێ ئەچمە ناو نازەگوڵ/

تەبسەرەی ٣:

پاییز لێرە یانی مردن كە قەت نیە

مردن لە زێدەكەی ئێمە

نەبوو تۆنەبێ نازەنین كە دەمامك..!

هەنێ وشەی ئێوە هەیە لێرە بە پێچەوانەوە مانا

دەكرێ:

سامان:  دڵی دەریا

زستان، پاییز: لێرە نیە

هەژار، فەقیر،....

/ هەموو ئەو بازنە وشەیە/: ئاشقی یە  كەبەری

شۆڕشگێر:  سەر بە ئێرووس

شەڕ.  دزی خیانەت...:ئەوەی لێرە لەدایك بووبێ

نەشی بیستوە





بێچارە ئەفلاتوون!

« خەیاڵە خەیاڵە ئەتوانێ یۆتۆپیای سەری تۆ

بسووڕێنێ»

بنوو با بیبینێ!

زمان و وێنە و دەمامك..  سەرمایەی جیهانن بێچارە!

خەیاری خۆشئەویست..

گۆڕیەوە بە مەوزێكی بلْ

ئەویشی دابەگێزەرێكی شەل

ئێستاكە خەیارمەوزگێزر ئەنوێ

و

پرتەقاڵ دەشارێتەوە...

لە قاوەییەكەی من

ـ نەحلەتی ئەبەدیم

نارنجی و پاییزو تەختەو شەل ئەپێكێ

لە ٣ دا نازەنین فرێم ئەدا

/ دەسرەیەكی كۆنەی سپی و رەش...زبڵدان/

لفكەیەكی گوڵی پاییزی لە تەختە... چاوەڕوان

شیعرێكی «افسردە»  سێ كۆڵان ئەولاتر

دووربینێك «منتظر»



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

دووكۆترى ئەبلەقى پەشۆكاو لە چاوم.... شەقام و
ماتۆرێكى جاسووس...پەرژينى ماڵ ئێوە و پێدزكێ..
نازەگۆڵ نازەنين گوڵفرۆش..
من ماوم و تروسكەى هيوايەك ١٪
/ژێرترين جلى سوور /
يە ك چركە بە ئەنقەست نوێندرا
هاتمەوە ٢٠ ەكەت نازەگوڵ
هاتمەوە...ئاوپرژێن
نەبارينتابارين حەزێكە و « سيگارە» هيوايەك
دستم كرد بە قورگى گورگا
گورگترينجوان
ـ نازەگوڵ نازەنين دەنێژێ يائەويش نارنجى نازانم
نازانم لە شيعرا هەرچى شت رووئەدا زمانە
چى لەتۆ نازانم نازانم نازەگوڵ
ئەزانم ئەشق سوورەو دەمامك نارنجى/ئيتربەس/
چى يانى رسوابوون؟
مانەوەى ئەبەدى يانى چى؟
شێعر بۆ فەلسەفە هڵلووشێ؟
نازانم..........



وةهمةكاني ئةشق و درؤكاني دةمامك................ساَلح سووزةني



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## «طورطتـــرينجوان»

**خولیاترین رۆژباش لە «خوا» م**

**هەنگوینیترین شیـــــعرم**

**بۆ تۆ پێغەمبەری ئاخرزەمان!**

**لە تـــــۆ!**

**هەموو وشە رەنگاڵەکانی دەروون..**

**بۆ «تۆ» م!**

**شلکترین پەخشانەکانی خەون..**

**مەمکۆڵەترین رەخنەکانـــــم..**

**بۆ تـــــۆ! /ئیمامەکانی ئیمانـــم/**

**وشە کورتەدەستە چەندە**

**حزووری لە هەیبەتی باڵاتا..**

**شیعر بەستەزمانە چەندە**

**بارەگای لە«مولەییەنی» چاوتا!**





**قەڵەم شان و مل کزە چەند**

**بەرامبەر لە گۆڵەکانتا «خوا» م!**

**چار نیە بە زمانی لاڵ:**

نة و رؤ زت ثير ..ؤز

**ئەی گورگتـــرینجـــــوان!**

**بەهار شەرمەزارە چەند لە رووت: رەنگاڵە**

**گورگ توورەیە چ لە هاری چاوت**

**«خوا» م!**

..

.........

.............

**٨١/١٢/٢٩**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## خواكان هەموویان زاڵم بوونە

لە سی سا ڵاندا گیرۆدەی ئەوینێکی کوشندە بووم و چوومە ئەو باغە تەم و مژاویەوە.. بۆنی زۆر گوڵم کرد و عەتری زۆز پەڕ کاری تێکردم و تۆش وەك باخەوان هاتی بەدەممەوە.... لەو رۆژەوە ژیانم گوڕا و بوومە شاعیر و دواجار نووسەر و رەخنەگر و وەرگێر و لە هەموویاندا تۆم نووسیەوە و هەموو چاڵاکییەکانم کارادانەوەی ئەو زەردە خەنە جارەجارە بووکە ئەشنیەوە و بەرەو من باڵی ئەکوتی ...بەڵام ئەمە ئاکامی هەموو دڵدارێکە کە ئەنجام تووشی رەنجی ئەبەدی جیایی بێ و هەرگی دووری لە سەر و ریشی بنیشێ و دڵەتەپێ و دڵەراوکێی بڵێی و رەنگە و بەڵکوو ببنە زامی ناسۆر و هیلاکی کا و شەکەت بیخا ... کە ئاشق هاتە ئەم قۆناخی سووتان و سووتە.. ئەشق بتر باڵ دەگرێ و لە پلەی خۆی دەترازێ و دەبێتە پەرستن ... پەرستنی راستەقینە و بێ ریاو درۆ .. ئەمە لە خۆیا باشە و جوانە و پاك و بێگەرد بەڵام تۆ بڵێی خواكان ئەم پەرستنە چۆن وەربگرن یەکەم لە خۆیانی دوور ئەخەنەوە و لە بەهەشتی دیداری ئەتارێنن ... دواجار شەیتانی لێ فێر ئەکەن و ئەیفریوێنن. ئەمجار بەردەبنە تاقیکردنەوە و ئازمایشتی و داوای سەبری ئەیبوویی لێ دەکەن کە تەحەممول کرا دەبێ قوربانی بدەی ... ئینجا فەرزە لە سەرت رۆژی چەندجار و لە چەند رکعەتدا کرنۆشی بۆ بەریت و سپاسی کەیت دواجار تاوانی رسوایی دەخەنە سەرت و گوناح و تاوان وەك بارانی بەهار بە سەرتا رێژنە دەکات... ئەمانە هێشتا پلەی دووهەمەو کە





هەر مایت و هێشتا دڵە ناسۆرەکەت پڕ بوو لەپەرستن .. ئە مجار خواكان زاڵمن... خۆیان دەگرن و پێغەمبەری کەت بە سەردا دێنن و تووشی ئازاری پیریت دەکەن... چاریش نیە لایەکی پەرستن خوایە و لایەکی ئاشقی پیر.. ئاشقان بێگەردترین مرۆڤن و خواكان زاڵم ترین نامرۆڤـ

ئەسووقرچم ئەی خودایی‌ترین

سێو

بەبێ باڵ ئەفرتم ئەی ئ ەهوورایی ترین

هەنار

پەرستشاویم ئەی پەروەردگارترین

قۆخ

لە جەمیعەنا ئاشقان... سەڵەوات و

لە کەبیرینا ئەوین... سەد سلاّم

بە زەردە زەردی ئەم هەتا.. هەتایە دوورییە

تۆی

بە زرشکی‌ترین لیو... نا ..ماچ

من....

خوایە ئازادم کەنا... گەورەیی‌ترین قژت

خوایە سپاست ئەکەم لەنا... بە غەریبترین چاو

فەنا لە من بەقا... لە کەشخەترین بەژن

شەمامە... بەتەمام، یازاڵمینە



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**هەمانە بەکوللی خادمین .. لە سەرسیراتی ئەوین**

**/ئەمە رکاتی دووهەمە گوڵم/**

**لە شەوکەرانی لە من دوور**

**لە هەلاهەلی بە ئەوبوون**

**رەببەنا سەبووری و**

**هەنا ... سە ـ تا پەرستنی ئەبەدی**

**رەببینا وزە هەتا...**

**سووتانی مۆخترین قەڵەم**

**گەشترین دەفتەر:**

**بێگەردترین شیعر**

**لەمنەوە .. کە بۆ تۆ لەنا**

**/نەوەک ئەم کرمە ئازارنە داکەون/**

**کە بۆ من خوڵقاون**

**زاڵمانەترین نیگات**

**بە چەند**

**کافرینم**

**خۆشترین شەڕت**

**لەمن**

**بە باران...**

**ئەی دڵرەقترین خودا/کە دڵۆڤان و بەخشەندەی / لە من**

**شەرتە تەحەممولم هەبێ گوڵم!**





**- مردن کفرە و دەبێ بژیت..**

**- ئەوە تۆمان پاراست بۆ پەرستنمان**

**من بە چاو ... لە ئازار تا . ئەسیر و سپاس تان**

**من بەدڵ لە قاوەییترین گۆپکە تا .. پەمەیترین خەیاڵ**

**/کە گوڵ بێ و لە یەخەی کۆتەکەم روابێ/**

**کە دوژمنی زەیتوونیترین سەهیۆن بم کە کافرە لە تۆ**

**پێنج پەڕی کۆتاوە لە ناخت**

**دە شەیداترین عەبدت**

**گریان دە تا بتوانم...**

**دە خولیاترین بچووکت بفەرموو سێو / کە سووربێ/**

**سەمایە... سەمایە ئەچەرخم.**

**بە باڵای دووریتا**

**هەتا کەی نەمن مەرگ کەرم کە..**

**هەتاکەی لە من نا... لوتـ فـکە**

**- ئەوانەی خۆ کوژن رەجم بن! لە منەوە لەحنەت... لە ئێوەش**

**ئەگەر نا....**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## شاعيرێكي سياسي

شاعیرێکی سیاسیم من ئابە ماچێ
قسەی گوڵە قاوەییەکانت قاچاخە!!
بەسە گوڵم
شێتم من ترینترشێتم مەکە
من سیاسیم
بڕوابکە رقم ئەوەندە هەتاوە م/ن
هیچ عاشقێ ئەوەندە نەرقاوە بە لەشی ماشووقێکدا
نفرەتی من ئەوەند مانگە حەزم لێیە
بەددان ئەو دوو گوڵە بشۆرم
یا بە زمان هەڵیکەنم
بۆ قاچاخە من سیاسیم
قاچاخ بڕوا و نەسەیاقێ
تابۆ بمرێ هەرگیزێش هەڵنەسێتەوە
بۆ رەنگەکانت نەگووشم
پەپوولە هەر بۆ ناز ئەمرێ
بلا تۆ خوا بیمرێنم
کۆتر تەنیا جوانن کاتێ
ئازادی بە باڵ بفرێنن





/بشکێ قەفەس چش دروشمە من سیاسیم/
بلا بەرەو من هەڵگۆپکێن
گوڵ و قوڵف چ شێعرێکە
کینەم لە تۆ ئەوند مانگە
کە حەز ئەکەم بیبۆیێنم
رەش کەی سەوزە
ئەو نەرمە چیمەنەت نەبێ
رەش کوا شیعرە
گەر نەبێتە زەمینەی قاوەیەکانت
سوورەکاننت
رەنگ گۆشتی و پەمەییەکانت
من سیاسیم
قاچاق بدەنە دەستم ئەیخۆم
کوێر بن ئەو کەسانەی ئێستاش لەرەنگەکانی ئەشق ناخۆن
خیانەت کەی بەوە ئەڵێن
خوا هاوار!
لەکابرایەکی سیاسی ئیراد نەبێ
پا ماچ کردن کەی تاوانە
پات ماچ ئەکم خوایە لەمن
شەریک و بێ مەکانی
کوا کافرم



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

من سیاسیم ئابە ماچێ

لە گوڵە قاوەیی‌یەکانت

لە زەمینەی پەپوولەکەت

لە سێوەکەت، هەنارەکەت

نینۆکە تووت فەرەنگی‌یەکەت

قاچاخی چی ترین ترم تۆ شێت مەکە

رەقم ئەتەقێ ئەگەر بێتوو

ئەم دینە ئەهوورایی‌یە فەرامۆشێن

من سیاسیم

نفرە ت دەخۆمەوە لە تۆ

کچە شەیتان

من سیاسیم

سەدخۆزگە شاعیر بوومایە

/وەک تۆ منیش ناوم ئەگۆڕی/

بێچارە پیاو

گوڵ کوا بۆ فرۆشتن ئەبێ بێپەرەستە

چەن بچووکترینترینە پەرەستش بۆ گوڵەکانت

ـ یا خوا ئەو لووتەمشکە بخۆم

کەکابرایەک فەرەنسەیی لە سەر کۆترەکانت کێشای

بەو مەمکانەدا هەڵماچێم

کە نەققاشێ لە سەر لووتی پشیلە کێشای





من سیاسیم خوایە لێم نەگری بە ئیراد

/بێ مار و بێ قەرارم/

ـ توورە مەبە! تۆبە ئەکەم

ماچێ هەنگوینی‌یەکەت ئەکەم

شەشەم شەشەم شەشەم شەم

شێت و شاعیر

شاعیر و شێت بۆ وەی ئەبن بیسووتێنن

من سیاسیم

زیندان دەکرێم

رۆژی بەفر جار دەسووتیم

بەجارێک ریچ بوونەوە لێم

خوایە بە «ئەو»

ئەت پەرەستم

ئەمە ورێنەی کابرایەکی سیاسی‌یە ئیراد نەبی!

ـ باخەکانت سێوترینن

پڕ بە زارم

بشمکوژن

تاقە یەک گوڵت نافرۆشم

درۆشمی ٣

/کە دەکرێ وەک مێعریش بخوێنرێتەوە/

.......



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## هةينـــي

**جومعه لەسەر پەڕی دڵم بەرد ئەهاڕێ**

**دێوی هەینی چ سەددامە**

**چەند رقەون شیری لە جەرگم ئەساوێ**

**هەینی،هەناوم ئەجاوێ جریق ... جریق**

**شارم ئەکا بە هەڵمی جەوهەر**

**ژوورم بە شوێنی بوردمان**

**گشت رەنگێکم لێ ئەسێنێ نەرەنگ نەرەنگ ..**

**جومعه لە  سەر دەفتەرەکەم هەلدەمیزێ**

**قەڵەمەکەم ئەگواوێنێ**

**ئەمرۆ جومعه**

**«با»لێم بۆتە فەرامۆشێن**

**هەناسەم ئەکا بەدارا**

**دارەدارە شرم ئەکا**





**هەینی شەق لە چاوئەدا**

**چاوەڕوانی ئەبارێ**

**زەوین قاقڕین ئەکا**

**بۆمبارانی رۆح ئەکا**

**هەینی تۆم لێ ون دەکا**

**من لە سەرم دەرئەکا**

**خۆر چ ئەگبەتێنیەتی**

**ئێوارە چەندە مۆنە**

**دەرزی ئەکا بەچاوا.**

**.لە هەینی دێمە خوارێ**

**لەشم ئەکەم بە لەرزا**

**کارەبا دەمرێنمەوە**

**هەینی بەڵکوو بتارێ**

**جومعە لە سەر پردی شار**

**چۆمی هیوا وشک ئەکا**

**

* - جمعەها خون جای بارون میچکه/طؤراني يةكي «فةرهاد»ة



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

# ئازادي

**تەواو بوو.. ئەوە ئازادى**

**/ئەوەش کەرکووك و خانەقین/**

**بزانم ئێڵى دەم بنێمە گولێکتەوە**

**چنگ بخەمە بەفرێکتەوە**

**لێو بنێم بە سوورێکتەوە**

**یان بەرەنگێکتەوە بگرم**

**کە ئەو هەرگیز نەینووشیبێ**

**تەواو بوو ئەوە ئازادیش**

**بزانم ئێڵى لە خەڵوەتێکى شلووقا**

**شێعرى بژەنم**

**هیچ ئاشقێ نەبۆیابێ بە وشە زێوینەکانیا**

**بە بازنە و هرەمەکانیا**

**سێ گۆشە و ئەستوونەکانیا**

**بە تاڵە زەریفەکانیا هیچ بەنەبازێک**

**بە قاوەییترین گولیا هیچ بولبولێ**

**نەسەمابێ**

**بزانم ئەبارێ گوڵى باران**

**بزانم ئەشۆخى گیانى باوان!؟**



وةهمةكاني ئةشق و درؤكاني دةمامك................ساڵح سووزةني



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## سةربازةكاني من ...

رۆشتنت ئەگەر نەبوایە ئەم
ئەم ئەگەر رۆشتنەت نەبوایە
نەبوایە ئەم رۆشتنەت ئەگەر
ئەگەر ئەم رۆشتنت نەبوایە
سەربازەکانی من نەدەشکا ن
نە دەشکان
نەد مشکان
نەدە شکان
نەدەش کان
نەدەشکان ئەم ئەگەر رۆشتنەت نەبوایە
ئەگەر نە دەشکان ئەم رۆشتنەی تۆ سەربازەمنەکانی نەبوایە
سەربازەکانی نە دەشکان ئەم رۆشتنەی تۆ ئەگەر من
نەبوایە تۆ نەدەشکان من ئەم سەربازەکانی ئەگەر رۆشتن
بۆ کوێ ؟
کە سەربازەکانی من شکان ش ش ش سا
لار بڕۆی دەشکم ئەگەر ئەم رۆشتنەت
سەربازەکان ...... نەبوایە
کە سەربازەکانی من ئەشکم... ئەگەر نەبِ ن سا
لار بڕۆی دەشکم... ئەگەر سەربازەکانی من نەمنووسن





نەمنووسن سا
لار ئەم رۆشتنەت ئەمكوژێ ئەشکم سەربازەکانی من
نە بوونایە تۆش ئەم نەبوایە روشتن بریا سا
لار بڕۆم دە شکم سەربازەکانی ئەگەر نەبوایە رۆشتن
بۆ کوێ سا ؟
لار بڕۆی دەشکم !
مەڕۆ دەشکم سا ،
لارە سەر دارەکەم
ئەشکنسەربازەکانی من ...
ئەگەر ئەم نەبوایە .....
بۆ کوێ د ە ش ک م
ە د ک م ش
ش ک م ە د
ک م ە ش ک
م ش د ک
/ سەربازکانی من سەردارەکانی تۆ/
سا لار بڕۆی دەشکم



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## لة ئالَبـــوَمي نامـةكـانتةوة...

## من

**لە دەستماڵ کاغەزییەکی پیسی کونبووی چەرمگەوە گەیشتە دەستم**

**ئەم درێژنامە:**

**«ئاشقتم»**

**بە زەلیلترین هەنار**

**و**

**غەریبرۆژترین چاو هەتیو!**

**/کاسێتێکیش/**

**وەک گەوجگرینۆکترین شاعیری جیهان**

**نەمتوانی وەیخوێنم**

**پیرۆزترین**

**مریەم!**

**ئەی سپیترین رەنگاڵە**

**بمبوورە**

**فریشتە پیسترین دەستماڵی کون بووە**

**و**

**تۆ م سپیترین دەفتەر**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

ـ لە قەڵەمێكی پیری تازە شاعیرەوە

بۆ نەغەریبترین دەسرە قاقەزییەكی بێگەرد

سلاوە شیعرێكی گرینۆك و

جەسوورحەزترین پەیام

ئاشقتم تۆ...م!

بەهەر چوار پار چەی دڵمەوە

ئەگریم لە..تە..لە.. ت تا تۆ...م

چ زەرد بی چ سوورترین گلارەهەنار

و چ سپیترین وەك قژم

/ریشم نا كە «ریمل»ە چۆڕە

چۆڕ

ڕەشی

ڕەش

كە ئەیشۆم/

«هەنار هەنار هەنارە»

... دەستماڵە خۆشەویستە قاقەزینەكەم تۆ.. م!

چ سەوز بی كە كاڵی = چ زەرد بی كە لاوی ـ

/پێوەندی نێوان هەنار و كاغەز لێرەدا پساوە/





ئەوەند بەفرینترینی

كە بە ماچت ئەتوێتەوە گرینۆكترین كوڕە ئازای خەونەكانت

/ كە قاقەز نەبوویت و دەفتەرترینمی تۆ...م

تۆ چ شاعیرترین بۆیت لە هەناوی سێوە سوورێكەوە / كاسیتێ/

من چ خۆ بە شاعیرزانترین گەوج

كە سپیم تۆ...م!

بمبوورە من پیاوم / واتە گەوج/

تۆ ژنی /یانی شیعر/

جوانترین دەستماڵی

/ چ زەرد بی چ سەوز یان پەمەیی و هەر ڕەنگێ/

كە من / هەربێرەنگشێعرەساتەكانم/

ـ گەربێت و هەردووكمان بدرۆین بە یەكدا

تۆ راستگۆترینشاعیری ژنانی و

من راستییانەترین هەڵەی پیاو!

ـ شێعریش فێر راستگۆیی كردبێتین هاتوو..

تۆ درۆزناویترین دەفتەر و

من

درۆزنترین قەڵمی سەقزاوی..

تۆ... منترینئەوین

چ سوور بی و چ زەرد و...



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**من چ پیاو**/.../

**دەوەرە ئازیزێ!**

**٨١/١٢/٧**

**بە بۆنەی ٨ ی مارسەوە**







## پێشکەشە ئازیزێ!

**چ زەردە لـە من چ خەزانێ**
**چ ئێشە لە من هەتیوەکی باوان ویرانێ**
**چ زامە لەسەر دڵە نەخۆشێکی ،بێدەوا و دەرمانێ..**
**چ حەسرەتێکی عەزیمە بۆ شایەرێکی بێ هیوا. و ئامانجێ**
**دەوەرە ئازیزێ!**
**پیرۆزبێ لە تۆ هەموو رۆژی لەدایکبوونێ!**
**کە لە منەوە دەبێتە بیرەوەری گوڵێ .. خونچەگوڵێ..**
**کە لە منەوە دەبێتە سوورەشیعری بێکۆتایی دەم**
**کورِەحەیرانێ..**
**دەبێتەوە بە سەرهەڵدانێ لە کووچەباخەکانی خولیایی و**
**لەوێوە دەفرِێتەوە سەر سینگی بزرِی تاوانێ...**
**/ چ بۆنە شەمامەیەکی حەیرانێ..**
**دەفەرموو ئازیزێ!**
**زەردە لە بۆ تۆ**
**کە دەبێتە بەهارێکی پرِلەبارانێ..**
**زەردە لەمن چ زستانێ**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

چ تۆف و كرێوه و چ شه‌خته‌ به‌ندانێ..
له‌ تۆش چ به‌یانێكی پڕله‌ ئه‌شق و..
چ ماچه‌ ماچ..و سوورهه‌ڵگه‌ڕانێ..
چ شه‌رمه‌ شه‌رم و نازه‌ ناز و تێكه‌ڵاو بوونێ..
چ قه‌نده‌خه‌ند و چ قاقایه‌كی نیوه‌شه‌وانێ..
ده‌وه‌ره‌ ئازیزێ!
پێشكه‌شه‌ زه‌رده‌ له‌من چ خه‌زانێ!!
چ تاڵه‌ شێعرێكی بێئه‌نجامی ده‌م كوڕه‌ حه‌یرانێ..
چ هورووژمێكی سه‌ڕسامی و ..
چ گوشار و دڵه‌ناسۆڕه‌ ئێشانێ..
ده‌وه‌ره‌ ئازیزێ پێشكه‌ش بێ:
هه‌موو ده‌ماره‌كانی جه‌سته‌ی شیعر
هه‌موو بزاڤه‌كانی قه‌ڵه‌مێ..
هه‌موو مرواریيه‌كانی وشه
/ كه‌سووره‌ له‌من و له‌تۆ زه‌رد بێ /
پێشكه‌ش بێ له‌ تۆ ٤٤ ی من كه‌ئاوی
ده‌وه‌ره‌ ئازیزێ..
لاجوه‌ردی ده‌فته‌رم له‌ ره‌نگی كراسی به‌رت باوێ...

٧٢/١٢/٣





# وةهمەكاني ئةشق
# و
# درؤكاني دةمامك

**وامدەزانی خۆشەویستی**

**دەریایەکە**

**ماسییەکانی گشت نهەنگ بن**

**جەنگەڵێکە**

**دارەکاذ ی لە گزینگ بن**

**ئاسمانێکە**

**لە رەنگاڵەی ویستی خۆش**

**و**

**ئەستێرەی حەز**

**و**

**مانگی ماچ**

**خانوویەکە**

**لە هەتاو و هونەری «ناب»...**

**وامدەزانی ئەشق دەفڕێ ..**

**بەرەو دەریا**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

بەرەو جەنگەڵ

رەنگ ئەدا بە کەژ و چیا

ئەستێرە و رەنگ داڵبەخش ئەکا بە سەر دڵا

وامدەزانی عەشق کچێکی کەشخەیە

دەست دەکاتە ملی وەفا

ئەوەی پاک و بێگەرد نەبێ

ناتوانێ تەماشای بکا

چی مووسایی و موسڵمانە

نابێ خۆی لە قەرەی بدا

وامدەزانی خۆشەویستی

ویستنە

و

وەستانەلە پای....

تاوەکوو مەرگ.

شیر و تیر و تفنگ و زەرگ

نەدەیبرێ، نە دەیگرێ و نەدەیدرێ

وامدەشێعران:

خۆشەویستی ئالأیەکە

بەرزە هەتا وەکوو .... هەتا

لە سەر دوندی چیای «مێهر»

دڵدار نەبێ نارێبوارێ بەرەو ئەوێ





هەتا حەوت کەوشی ئاسن و

حەوت گۆچانی پۆلاّیینی وەك ئەوەی من

نەسوێنێ لەو رێگەدا

لە حەوتخانی پڕ لە ئەژدیها و مەرگ نەدا

ناتوانێ بۆ لای لا بدا

وام دەنووسی:

« کەشتی ئاشق

لە کەم کەنارە لائەدا....»

وامدەزانی ئەشق ئەشقە

و

شەیتان نەبێ نائاشقێ ....

ئاخ لە شەیتان!

تا شێت نەبێ «ش»ینەکانیان تێکەڵ نابێ

شەشی شەشام

دەی بە شەیتان!

وامدەهۆنیەوە:

لە ئەشقا، حەز،حەزێکی زیوینە و بەس

بە ئاڵتوون ناگۆڕدرێتەوە

لە ئەشقا حەز خەونێکی شاعیرانەیە

و

تەنیا شاعیر توانای رازاندنەوەی هەیە



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

ئای کە تا ئێستا ئاشقام

ئای چەند شێتام

وام بە وشە رازاندەوە

کەسی ئاشق سیماییێکی نوورهاوێژ و «تو دل برو»ی

وەک تۆ هەیە.....

.......................

..........................

وا نەبوو با بشێعرێنم:

خۆشەویستی پەردەیەک بوو

لە سەر من دادرابۆوە

خۆشەویستی پەڵە خوێنێکی نەگبەت بوو

کە لە منیان شاردبۆوە

خۆشەویستی زنجیرێکی زێری شۆڕ بوو

منیان.... لە..... تو

بەو «قەلادە» جوێ کردەوە

خۆشەویستی

کراسێ گرانئاوی بوو

کە تۆیان پێ رازاندەوە

خۆشەویستی تاجەتۆڕێنەیەک حیز بوو

ئەو ئالاندبووی لە قژتەوە





خۆشەویستی ئەو شتە نەگبەتانە بوون

کە من هەرگیز

ئاورم لێ نەدابوونەوە

گۆرانییەکی زیقن بوو

سمتییان پێئەلەراندەوە

شاباشی دەوڵەمەندان بوو

ورگیان پێ بەرئەدایەوە

درۆیەک ئەفسانەیی بوو

لە «واقیع» دا کێشرابۆوە

سیمایەکی رەنگکراو بوو

دەمامک پیا شۆڕ

ببوەوە

شۆڕ

ببۆوە

.....

٦١/١٠/٦



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

# ـ خولیا..

- ئەلۆ!
تاوانبار ناشنیت گوڵم
من دەرەقەت ئەم هەموو جوانییە
نەباریم!
بەرەنگاری ئەو ئەقیانووسانەم بۆ
نارچێ!
شەیدابیش ئەندازەیییە
خولیابوونیش:
سنوورێکە لە مەعبەینی شێتی دا..
بیاوان و زەریا
هەردووکیان لە جۆرە سەرابێکدا یەکترینن
شێتیش رەنگە بە هەردووکیاندا هەڵماچێ..
چ فەرق ئەکا من شێت بم یا شێت
شێتـــم ئیتر!

**۸۲/۱/۱ سەقز**







Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

ثاشةكي:

**هيثؤطرام لة ناويَكي ساناوة بةرةو ثانتايةكي بةرفراوان**
فةرزادميرئةحمةدي
خويَندنةوةي شيَعري «١٦»ةي ساڵح سووزةني

**ئستارؤبينسكي دةلَيَ:**

**«طوتةيةكي شاعيرانة هةميشة، تةنيا شيَوازي هةبووني دووهةمين ثلةي ناويَكة، روخساريَكي مشت و ماڵكراو كة مةجال ئةداتة بةردةنطي وريا تا هةبووني ئاشكرا،بةلاَم شيَواوي، واجةسةرةكييةكان ببينيَت. هيثؤطرام لة ناويَكي ساناوة بةرةو ثانتايةكي بةرفراوان و ثيَضوثلووضي برِطةكاني ديَريَكدا ديَتة خزين..بابةتي هيثؤطرام ثيَوةنديهةية بة دووبارةسازي و دووبارةريَككردنةوةي برِطة سةرةكييةكان.. هةربةوجؤرةيكة ئيزيس جةستةي ئةنجن ئةنجني ئوزيريسي دووبارةسازيكردةوة..»**

**بؤ خويَندنةوةي «١٦» ثيَش هةر باسيَك دةبيَ ثيَشئةطةر و ثيَشفةرزة(باوة - باوكانة)كان لةمةرِنووسراوةثاواندارةكان، راطويَزينة ثانتايةكي ديناميك بؤوةي لة بةستيَني دابسرينةوةي(فورمي - واتايي)دا ناسةكردنيَكي هةنووكةييمان هةبيَ.**

**لة قاشة زةينييةكاني«١٦»دا؛ ثةنطاوةكاني وزةي ناوةكي وشة خؤيان لة جةغزيَكي دياريكراودا شرؤظةناكةن.بةلاَم هةبووني بةرةيةكي كراوة، لة واتا نيشانةيييةكان لةخاني بضربضربوون و كؤنكريَتي بووني كاتي ثيَوةندي دةق ⟵⟶ بةردةنط لةطةلَ**





**دؤخيدةقيَكي جياوازدا ، خاليَك بةرجةستةدةكاتةوة كة طرينطي لة رووبةري ثاذبينييةكي جواني ناسانةي غةيرةدياليَكتيكيمان لا ديَنيَتة ثيَطةي تيَرامانيَكي جياواز. ئةمانة كلاَورؤذنةي رووبةرووبوونيَكي ئةريَني لةطةلَ ماكطةليَك دةكةنةوة كة جيَطاي سةرنجن: ماكي** ريَكةوت، دذةطيَرانةوة، دذةبيضم ـ تةوس ـ (قوولاَيي و رووبةر) ـ .


**١٦ طةشتيَكي زةيني** نازةطولَ، نازةنين **و** ثياوي ضلَتيكة**ية كة بة ثيَي بوونيان وةك دةوري جيَكردار لة دةرةوةي ديرِي شيعريدا،و بةثيَي وزةي ثةنطخواردووي ديَري شيعري لة دؤخي طةمةيةكيزماني، هاتوونةتة ئافراندن. ئةم ثيَكهاتة زةينيية ئاوةها ديَتة رووبةري ناسةكرن؛** نازةطولَ **ذانريَكي نكؤليليَكراوي داهاتوو{داهاتوو ئاويَنةيةكي منداليَ رابردوو= رابردووـ وانواندنيَكي وةستاوي هةنووكة} كة هةبووني ذانر ← دةق نيشان ئةدات. نازةنين حةزةئايدياليسمييةكةي ثيَشووي، دةرةوةي دةق، لة شانةكاني دةلالةتيَكيضةوردا ضةكةرةدةكات و لة ناسةيةكي ئاويَنةيي منداڵدا خؤدةنويَنيَ..**

ضلَتيكةيي؛ ليَداني وانويَنراوي دلَيَكي كاغةزي

**دياردة زةينييةكان تيَكةلاَو كةرةسةماترياليةكان دةبن و ثيَكهاتةيةكي (ئؤبذة؛سووذة)ي بةرزةخي بونياد دةنيَن و زؤرجار دةضنة فانتازياي ثةرِزةيني و ثةرِراظةيي و بةجاران خؤ لة وانوانداني قوولاييدا ناسةدةكةن..كةوابوو هةرجار كة دينة رووبةري بةنديَكي شيعري نةريَيييانة؛ طةمةكردنيَك دةبينين بة ريَكةوتي طةمة. ريَكةوتي دياردةيA تيَكةلَ بة راستييةك دةبيَ و**

دةضيَتة ناساندني دياردةي B ..دياردةي C كة ضاوي لة ذيَردؤخي ريَكةوتي BوA هةلَيناوة، دةبيَتة دالَيَكي فرةريَكةوتي.. خولي دياردةكاني ريَكةوت، لة خوليَكي كوندراييدا، روخساري دةقةكة دةتةنن و خاني رةنطة و بريا دادةمةزريَنن و دةبنة هةويَنيَك بؤ هاتنةئاراي بابةتي طةمة..طةمةيةك بةثيَي بزاوتي ريَكةوت؛ كؤنكريَتي بووني بيرؤكةي ثةرِرةوايةتي، كةدةيهةويَ خؤي لة ثةرِرةوايةتي ميَذووئاوةز دوور بخاتةوة، تووشي ريَكةوتي ناخودئاطاي ثارانويايي دةبيَت كة بة تةعبيريَك دةضيَتة قةوارةي طةمةكردن بة طةمةي زماني..

«Photoshop ئةتوانيَ ضةندين ضاو لةسةريةك هةلَضنيَ
Photoshop سةدان دلَ دةطؤرِيَ
بةهةر رةنط بتهةويَ/{مةكة تؤ نازةنين}/..»




«١٦» دةقة و ناضيَتة خاني بةرهةمةوة؛
بة هةلَس و كةوت لةطةلَ نيشانةداية كة ئةتوانين لةواتاي دةق نزيك ببينةوة و بةو ثيَيةش ئةزموونوةرطرتن ديَتة بةركةوتن. بةرهةم بةردةوام و بةردةوام خؤي بة مةدلووليَكةوة دةبةستيَتةوة..كةواتة طريمان ئةو مةدلوولة روون و ئاشكرا بيَت، كة لةو حالَةتةدا دةضيَتة قاوغي زانستيي وشةكان





و دونياي فيلؤلؤذي، ئةطةريش بزربيَت، واتة بة شيَوةيةك بيَتة ئافراندن كة بةدوويدا بطةرِيَيت، ئةوة بةرهةم دةضيَتة رووبةري هيَرمنؤتيك و خاني تةئويلي(سايكؤلؤذي ـ ثةرِرةوايةتي).. بةكورتي بةرهةم وةك نيشانةيةكي طشتي و هةمةلايةنة ديَتة كردار و ئةم هاتنةكردارةش، ئاساييية ئةطةر دةربرِي يةكيَك لة بابةتة طشتيو هةمةلايةنةكاني شارستانييةت و ذيار بيَت. دةق، بةثيَضةوانةي بةرهةم، دواخةري بيَكؤتايي مةدلوولة..دةق لة كرداري دواخستندا ية..ثانتايي دةق، ثانتايي دالة..دال نة بة واتاي؛ يةكةمين قؤناغي واتا و لابيريَنتةكاني ماترياليَ ئةو، بةلَكوو بةواتاي وةدواخستني ئةو، دةناسريَت. كةوابوو بيَثانتاييبووني دال، ثيَوةندي بة كرداري نةطوتراوي مةدلوولي بيَناوةوة نيةو دةطةرِيَتةوة سةر قؤناغي طةمة.. طةشةسةندني دالي بةردةوام/هةميشةيي/ لةثانتايي دةقدابةثيَي سةركةوتني ئورطانيكي يان ريَبازي هيَرمنؤتيكي قوولَةوة ثيَك نةهاتووة و ئةم ثيَكهاتنة بةثيَي بزافي زنجيرةي جياوازييةكان، يةكحةشاردانةكان و رةنط بةرةنطبوونةكان..كة هاتوونةتةئافراندن. ثيَكهاتةيةكيئستريؤطرافيكي لةتةونوكريوشةكان،«بافت»يَكي موزائيكي دةخولَقيَنيَ كة هةر نيشانةيةكي دةبيَتة مةدلووليَكي خز و ضةور و دنياي ثةرِدةق زيَدةتر ئاوةلاَ دةكات؛

لة كؤشكي خةيالَي قةلَةمم ناترازيَ...نافرِيَ
فرِ...فرِ....فرِ.....فرِفرِة..
ـ ئؤ ئةتطوت{:}
فرِفرِةي رةنطيَكم ليَتئةويَ



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**كةس نةيبيَ{!}**

**ـ تؤ لةطةلَ فرفرةي ساختي من وةرسووڕايت**

**تؤ لةطةلَ خةيالَيَ ثوفيووزا هةلاَتي..**

**Photoshop لةمنةوة هاتة دةمامك..»**

**«كووبريك» و فيلمي ضاوةكاني بةستراو..دةمامك و فتؤشاثي فرينيَكي كاغةزي:طوتراويَكي «بافتمةند»و موزاييكي دةبينين كة ثيَوةندييةكي بةليَشاو شيَواون‌و بةثرتاوطشتطير دةمانباتة ضةند دونياي جياواز و دراوسيَ..طةمة بةدؤخ و طةمة بةزةمان و بةزمان طةمة...لة تةون‌وكريَكي طوتاريدا ئةبيَتة بالاَجيَوي رةنطة ثارانويايي‌يةكان...ذانر دةمريَت و دةق هةناسة دةكيَشيَ.**

**رةنطة بةردةنط دةطةلَ وشةي «سةروا»دا ئاشنابيَت بةلآم جيَكرداري ئةم وشة لة ثانتاي رةخنةي ئةدْةبي‌دا ئةو حالَةتة نةريتيية فؤنوتيكةكيَشدارة روالَةتيية دةثيَكي بةلآم سةرواي ئيَمة تا رادةيةكي زؤر جياوازة.**

**ليَرةدا،سةروا بكوتيَكي زةيني‌ية كة لة خاني ثاذروانينيَكي ثادزةينييةوة دةخولقيَ؛**

**هةربةنديكي شيعري ١٦ كة دوايي‌ديَت، جؤريك سةرواي ثادرةوايةتيي هارمؤنياي زةيني ديَنيَتة شيَواندن.. رةنطة هارمؤني و شيواندن نةضنة خانيَي لوذيكةوة وئةمةش جوريَك ناس سرينةوةي رةخنةية كة زور جار شيَواندن دةبيَتة هارمؤنيايةكي نامؤ، ئةم بزاظة هةذيَنةرةي بكةرةي فرةدالييةَ،بؤوةي،لةضةقدا داليَكي هةميشةيي نابينينةوة، داليَك كة زمان دةكاتة ئامرازيَك و ئامرازةكة شردةكات و لةطوتاري خةم بة شادي و قين**



وةهمةكاني ئةشق و درؤكاني دةمامك..............سالَح سووزةني

**بةحةزكردن،كة لة ئةوثةري ساناخوازيدا، قوولاَيي دةسازيَنيَ، بةلآم وةلآميَكي ئةشيَدار لة قوولآيي‌يةكةداناسةناكريَت؛**

**مةعبةيَني خؤر و مانط**

**وةسليَكي هةتايي ئةزةرديَو**

**بةردةوام دةئةشقن بةرؤذ و بةشةودا**

**نازةنين ئيواران نارنجي و**

**شةوانةش لةمن....**

**دةق دةمانباتة قةسيدةكةي نالي و دةطةلَ دياردةكان بة شيَوةي ئرؤتيكي رووبةروودةبيَتةوة:**

**/قوخيَك و مةخة خمةلي هةلمالراو..مةشيَتيَ!**

**بةهيَ ـ قؤخ ـ طةلآميَوـ ثةثوولة نيشانةطةليَكي هاوبةشن لة كؤي دةقدا (بةهيَ ـقؤخ) ← جينس ← ذن، نيرةكي بووني دةق، دةقة نيرةكي‌يةكة هيَرش دةباتة دياردة بزوينةرة ذنانةكان كة لةوانواندنيَكي كاغةزي‌دا دةبيَتة كونكريتيَكي نووسراو.. طةلآميَو ـ ثةثوولة هةر لةو فةزا طوتراوةدا دةذي، بةلآم شاردنةوةي دياردة بزويَنةرةكان ديَنيَتة شوبانداني سروشت، سروشت ثرةلةدياردةي خؤرسك:**

**كة هةرطيز ناخةر دةلي و بلؤق ناخاتة ثيَستةوة**

**ـ هةلةبجة ـ مردني ذن ـ بلؤق و بةهيَ.. ئةمة شثرزةيي هةنووكةيي دةق دةردةخا، لةيةك ساتدا ـ لة ذن و جينسةوة دةضيَتة هةلةبجة و شةهيد لة ثةرتكنؤلؤجياي 3D-MAX دةضيَتة هةوراماني.. ئةم شثرزةيية دةضيَتة ثوليفؤنييةوة و ئةم طةمةكردنة بة بيرؤكةي ئةنظال و بة طةمةي زماني زانيني...**

**دةطةرِيَينةوة بؤسةرواي ئانتي‌نةريتي كة ثيَشتر باسمان كرد؛**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**لةجوانترترين كةنوو**
**خوَشخؤترترين هةنطوين**
**لةمن ئةمرؤ..**

**ثيَكهاتةيةكيتازة؛ هةنطوين لةدةورطيَراني سةرواي** بكوتي **واتاييدادةمانباتة** شيَواندني **شوبـاندنةكان و لةثيَناو شيواوييةكي لؤذيكدا خؤ دةناسيَنن؛**

كةنووي جوان/**ناس سرينةوةي شوبـاندن** /خؤشخؤشترترين/ **دةستكاري زمان/** خؤشترين هةنطوين **/ثيَكهاتةيةكي سانا/** لةمن ئةمرؤ.. **ثرهةذاندن و ثرطورانكاري سازاندن.. بةند كوتايي ثيَ ديَت** بيَ **هيض طةرانيكي ثاذبينانة بة دووي ضةقيَكي سةرةكي**

**١٦بة بةرطي قاوةيي**
**١٦ بة تاري مةولةوي**

**مةجاز جيَ بةخوازة/ ئيستعارة/ ليَذدةكات و خوازة لة روالَة**تي **ثيَكهاتةيةكي شويَنكرداري ديَر دةضيَتة دؤخي ثانتاييدار..**

**(دةق): بؤ طواستنةوةي زةين لة دةقةوة بؤ ثةردةق ١٦ دةبيَتة ئاميَري طةمة و هةنطوين وضالَي تيذي ثةنجةي ١٦.؛ ٠ {قاوةيي ـ مةوكةوي}ـ كةنوو A ئةمرؤ{A+}قاوةيي B، مةولةوي B+ ١٦لةمن C، لةمنئةمرؤ C+/ بؤي هةية وازانيني من لة قاوةيي و مةولةوي لة شويَن كرداريرةنط و لة قةوارةي /رةنط + عةدةد/دا وازانينيَكي جيا لة هةر وازانينيَكيتر بيَت؛**

**/زيَرينة كةو ضكيَكي ثيرا/ كةوضك ← تام ← خواردن**
**لة ضيَذني ضيذ ← تام ← خواردن**





**كةوضك + ضيذ = دراوسيَيةتي، جؤريَك دذايةتي هةية لة فةزا شيواوة/دذة لؤذيكة ـ ثةرطيَرانةوةكة/ كةخؤي لة حةساريَكي ثيَكهاتةداردا دةبيني؛**

**يونط دةليَ:**

**ئةواون خةون بةزؤرةوة دةبينن /دا.....نامركيَن/**


**{/} نةم نيشانة لة كاتي ثارتيشن درووست كردني دووبارةدا ئةطةر بةتةنيا ليَبدريَت زانيارييةكاني درايظةكة بة تةواوي فورمةت نابيَت، بةلآم بةم شيوازة /: يانA /:A لة كاتي دووبارة دابةزاندني بيروكةيةكيتر،كة لةدةقدا دووبارةسازي دةبيَتةوة.. قسةي يونط ديَتة دابةزاندن.. ديارة، ضونكوو نيشانةكان بةتةواوي نةهاتوون دابةزاندنةكة تةواو نية و دةضيتة بةستيَني شيواوي بيري فرويدي و ئةنديشةي يؤنطي دةضيَتة طوتاريَكي ئالؤزةوة؛**

**ئةحمةقن ئةواني يةك رةنطة دةئةشقن!!**
**ـ شاعير و قوخيَك و مذين و طووشينيَك....مةشيتيَ**
**/ كةتيَيدا فروَيد ديَتة طةرا/**
**رووبةرووبووني عةشق ↔ جينس.**
**رووبةرووبووني ثارانويا ↔ ضةندبيضمي**
**رووبةرووبووني هؤكار ↔ جياوازي**
**«رةنطيَتر نةماوة نازةنين دايتاشم**
**ـ فتوشاث درؤية ـ**
**نازةناز فتوشاث نةسب مةكة لةدلَتا**
**«تريديماكس» مةضيَنة لة هاردي باخةلَتا...»**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

**فتؤشاث نةرمئةفزاريَكة كة وينة بةدلَي دونياي دةستكردي كاربةر دةطؤريَت كاربةر، دةبيَتة دةسةلآتيَك بؤ طؤريني روخساري ئوبذة.. كاربةر بة دلَي خؤي و بةثيَي زةوقي خوي دةطةلَ وينةدا مامةلَة دةكات..ديارة ئةطةر دةم و لووت و ضاوي ثؤرترةيةكمان لاناحةزبيَت دةسةلآتي كاربةر دةيطؤريَت، بةلآم زاتي ثؤرترةكة هةر خؤيةتي و تةنيا وانواندنيَكي دةستكردة..كةوابوو ديارةدةطةليَك وةك رؤشنبير ـ بةرهةميَ تر ـ بابةت ـ ذانر.. لة كانالَي دةسةلآتيَكي فتؤشاثييةوة ديَتة دونياي ناسة كردنةوة(تري ديماكس) يان ئةنيمةيشن ساز ثيَوةندييةكاني طوتاري رؤشنبيري دةكاتةوةوبةجوريَك فانتازياي خةيالَيني إدةقة كة هةولَ ئةدات خؤي لة ثيَطةي دؤخةوانموودةكةدا بيَليَتةوة و مةترسي خةيالَ و ئةنيمةيشني ديادةكان دةخاتة بةرضاو؛**




**دةق خؤي لة طفتماني موونييةييدا ناسةدةكات، طفتمانيَك كة لة كارنةوالَي بوونيدا زؤرجيدي دةروانيتة ديادةكان.. ئةمطفتمانة لةبواري سياسي ـ كومةلآيةتي هةلَطرسيَنةرة و وشة لة قاوغي ميذوويي رزطار دةكات. ئةم رزطاركردنة بة يارمةتي توخمي نويَخوازي و تازةخوازيئاوةزي ديَتةخاني فةلسةفة و خةيالَ...**







**دةلَيَن: بارودوَخة ثاواندارةكان دةبنة فرةكةري ئازادي. وشة هيض ترسيَكي لة دؤراندني خؤي نية.. وشة لة ثاواني بايةخة ثيَش فةرزدارةكان رزطار دةبيَت و طوتار بيَ جياوازي دانان لة نيَوان ضاكةوخراثة، وةك ئافريَندراويَك لة ئاميَزيان دةطريَت.زيندةخةون و زمان ثيَوةندي دةطةلَ بابةتة روَذانةكاندا دةطرن و دةكريَ بلَيَين:دةبيَتةجؤريَك ذورناليزمي سياسي،كومةلآيةتي وئةو طوفتمانة دذايةتييةكان دةردةبريَ.**


***/شةر، دزي، خيانةت......***

**ئةوةي ليَرة لةدايك بوويَ/ نةشي بيستووة.**

**بيضارة ئةفلاتوون!....**






Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com